هەواڵ هەواڵ

## دوو راوچی دەستگیر دەکرێن

رۆژی ٢١-٣-٢٠٠٧ لەرۆژی جەژنی نەورۆزدا دوو راوچی لەسنوری دەڤەری خۆشناوەتیدا لەلایەن پۆلیسی دارستان و ژینگەی هەرێمەوەدەستگیر دەکرێن ، سەرەنجام دوای شەش رۆژ راگتنیان لەگرتووخانەی حاجی ئاوا لە رۆژی ٢٧-٣-٢٠٠٧ بەکەفالەت ئازادکردەکرێن .
جێگەی باسەئەو راوچیانەپێشتر سەرپێچیان کردبوو ، لایەنەپەیوندیدارەکان هۆشیاریان پێدابوون ، بەڵام بەهۆی دووپات کردنەوەیان دووچاری گرتن ببوونەوە.

## کچێک بەبەنزین دەسووتێ

رۆژی ٢٦-٣-٢٠٠٧ کچێکی تەمەن ١٧ساڵ ، بەناوی (ع. و) دانیشتووی شارۆچکەی شەقڵاوە بەهۆی ئەوەی لەجیاتی نەوت بەنزینی بەکارهێنابوو ، ئاگری تێبەردەبێ و دەسووتێ ، سەرەنجام بەهۆی سەختی برینەکەیەوە گیان لەدەست دەدات .

## باڵەکایەتی:
## بۆچوونەکان ناکۆکی لێدەکەوێتەوە

کەسێک بەناوی سەعدوڵا لەهەفتەنامەی زاری کرمانجی لەژێر ناوی (چیتر بەبڵند گوێ بانگ مەدەن) ، داوایکردووە کەسیستەمێکی نوێ و هاوچەخانە بۆ بانگدان دابنرێ ، ئەمەش مامۆستایانی ئایینی و موسڵمانانی دەڤەری باڵەکایەتی بێزار و توورەکردووە، خەڵکی دەڤەرەکە نارەزایی خۆیان پێشانداوەو داوایان کردووە کەدەبێ بەرپرسان هەستی خەڵک رابگرن و سوکایەتی بەپیرۆزیەکانیان نەکەن .
ئەوەی شیاوی باسە ئەو نووسەرەپێشتر ئەندامی سەرکردایەتی کۆنگرەی ئازادی کوردستان بووە، دواتر گەڕاوەتەوە ناو پارتی دیموکراتی کوردستان . زانایانی ئایینی دەڤەرەکە لەوتاری رۆژی هەینیدا وەڵامی ئەو کەسەیان داوەتەوە، بەوە تۆمەتباریان کردووە کەلاسایی کەسانی دیکە دەکاتەوەو دەیەوێ بەو هۆیەوە مافی پەنابەریێتی لەوڵاتێکی ئەوروپا مسۆگەر بکات ، بۆیە هەوڵنادەن هەرەشەی لێبکرێ و ئەویش سوودی لێوەربگرێ .

## رانیە: خاوەن مۆلیدەکان دەستگیر دەکرێن

بەهۆی ئەوەی لایەنەپەیوەندارەکانی شاری رانیە گازیان بۆ مۆلیدە ئەهلیەکەنی دابین نەکردبوو ،کۆبوونەوەیەکی هاوبەش لەنێوان لایەنی پەیوەنددارو خاوەن مۆلیدەکان پێکدێ ،دواتر خاوەن مۆلیدەکان رێکدەکەون ئەگەر گازی پێویستیان بۆ دابین نەکرێ ، یان مانبگرن یان نرخی ئەمپێری تەزووی کارەبا گران بکەن ، بۆ ئەم مەبەستە رۆژی ١-٤-٢٠٠٧ کەبەرۆژی درۆ ناسراوە خاوەن مۆلیدەکان مان دەگرن کەچی دەست بەجێ (جوانرۆ خدر ، سیامەند تەها ، عەلی قادر و چەند کەسێکی دیکە) لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیردەکرێن .

## ژنە شوانێک بەمۆبایل داوای هاوکاری لەپۆلیس دەکات

سەرچاوەیەکی تایبەت بەرۆژی گەلی راگەیاند لەرۆژی ٣٠-٣-٢٠٠٧ چەند لاوێکی دەڤەری شەقڵاوە دەچنە ئاقاری نێوان بەستۆرەو هەنارە، لەوی کۆڕ دەبەستن و بەزمی خواردنەوە ساز دەکەن ، لەوکاتەدا ژنەشوانێک لەجیاتی مێردەکەی لەلای مێگەل دەبێ ، ئەو گەنجانە نیازیان خراپ دەبێ و دەیانەوێ دەستدرێژی بکەنەسەر ، ئەویشت لەرێگەی مۆبایلەوە هاوار بۆ پۆلیس دەبات و مێردەکەشی ئاگادار دەکاتەوە، ئیتر پۆلیسی بەستۆرە بەهانایەوە دەچن و رزگاری دەکەن ، لاوەکانیش دەستگیردەکرێن و رادەستی ئاسایشی پیرمام دەکرێن .
ئەوەی جێگەی باسە کەسوکاری ژنەکە گومانیان هەیەکە لاوەکان دەستدرێژی سێکسیان کردبێتەسەر ژنەکەو ئەویش لەبەر ئاوڕووی خۆی و بنەماڵەکەی نەیویستبێ راشکاوانە قسان بکات . بەوهۆیەوە کەسوکاری ژنەکەداوای سزادانی ئەو لاوانەدەکەن.

## ماڵی بەڕێوەبەری ئاگر کوژێنەوە دەسووتێ

رۆژی ٢-٤-٢٠٠٧ ئاگر لەماڵی نەقیب فرسەت شێخ وەسانی بەڕێوەبەری ئاگر کوژێنەوەی ناحیەی بالیسان بەردەبێ ، بەهۆیەوە تەواوی ماڵەکەیان دەسووتێ و دوو منداڵیشی زامدار دەبن .
ئەوەی شیاوی باسە ئەو ئاگر کەوتنەوەیە لەئاکامی بەهەڵە بەکارهێنانی بەنزین لەجیاتی نەوت روودەدات.

## تەرمێک دەدۆزرێتەوە

هەواڵەکان: رۆژی ٢٧-٣-٢٠٠٧ تەرمی لاوێک لەنزیک زێی بچووک دەدۆزرێتەوە.
زانیاریەکان رادەگەیەنن کەقوربانیەکەخەڵکی گوندی کلیسەی دەشتی کۆیەیە، شوێنی چەند گوللەیەک بەجەستەیەوە بینراوە، بەو هۆیەوە لێکۆڵینەوە بەردەوامە

# سوید: پەنابەرانی کورد دژی دەنگۆی ناردنەوە هەڵوێست دەگرن

حکومەتی سوید بەبیانۆی ئەوەی کەنوێنەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان جەخت لەسەر ئارامی هەرێم دەکەنەوە، مافی مانەوەی بۆ ئەو کەسانەنوێ نەکردۆتەوەکەپێشتر مافی مانەوەی یەک ساڵەیان پێدرابوو، دواتر بەڕێوەبریێتی پەنابەران پلانی دیپۆرتکردنەوەی ١٤٠٠ کوردی گەلالەکرد و راگەیاندنەکانیش باسیان لێوەکرد ، بەوهۆیەوەدڵەڕاوکێ و نیگەرانی سەرتاپای پەنابەرانی گرتەوە، بەتایبەتیش ئەوانەی کەمافی پەنابەری یەک ساڵەیان هەبووەو بۆیان نوێ نەکراوەتەوە، بۆ گفتوگۆ لەسەر ئەم کێشەیەکاتژمێر ١٧ی رۆژی پێنج شەممە رێکەوتی ٥-٤-٢٠٠٧ لەشاری یۆتۆبۆری وڵاتی سوید کۆبۆنەوەیەکی بەرفراوان بۆ پەنابەرانی کورد ئەوانەی مافی پەنابەری کاتیان هەیە لەفیدراسیۆنی پەنابەرانی عێراقی بەڕێوەچوو .
بەگوێرەی هەواڵ ، زیاتر لە١٠٠ کەس لەو کۆبوونەوەیەبەشداریان کردبوو، هەریەکەلە **فاتح کەرکوکی** سەرۆکی فیدراسیۆن و **ئارام علی** بەڕێوەبەری ڕادیۆی هاوپشتی و **رفعەت هەڵەبجەیی** نوێنەری رێکخراوی چاک لەسوید سەرپەرشتی کۆبوونەوەیەکەیان کردو رامانی خۆیان سەبارەت بەو کێشەیە پێشکەش کرد ، دواتر ئامادەبووان راو سەرنجی خۆیان خستەڕوو . لەئاکامدا هەموویان لەسەر ئەوەپێکهاتن کەدرێژەبەم کۆبونەوانەبدرێ و بۆ وەستاندنی ئەو پلانەی حکومەتی سوید چالاکی جۆراوجۆر بکرێت .
ئەوەی شیاوی باسەحکومەتی سوید بەئاسانی مافی مانەوەبەعەرەبەکانی عێراق دەدات ، بەڵام بەبیانۆی ئەوەی هەرێمی کوردستان ئارامەو گرفتی تێدانیەداخوازی کوردەکان رەت دەکاتەوە، ئەمەش هاندەرێکەتا زۆربەی پەنابەرەکوردەکان خۆیان بەعەرەب یان دانیشتووی شارەکانی دیکەی عێراق بناسێنن ، بەوهۆیەوەگرفتێکی گەورەبۆ حکومەتی سوید و باڵیۆزخانەی عێراق لەسوید و فیدراسیۆنی پەنابەران دروست بووە.

### پۆزش

داوای لێبوردن دەکەین لەژمارە (١٧٢) ناوی هونەرمەندێکی چەمچەماڵی بەهەڵە چاپکرابوو بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئاڵتونی لەرۆژی شانۆی جیهاندا.. ناوی ڕاستی هونەر مەند (طالب عبدالكريم)ە لە چەمچەماڵ نەک (شێرکۆ طالب). دووبارە ببەخشن


هەواڵی سەرنجڕاکێشی جیهانی


## گەردەلوولی هەتاوی بەڕێوەیەو کار لەمانگە دەستکردەکان دەکات

**رۆیتەرز** : رۆژی ٥-٤-٢٠٠٧ لێکۆڵەرەوان رایانگەیاند کەئەو گەردەلوولە هەتاویەی مانگی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٦ دەستی پێکردبوو ، کاریگەری نەرێنی لەسەر سیستەمی جیهانی دیاریکردنی شوێن و پێگەکان دادەنێ ، زیانی راستین بەمانگە دەستکردەکان دەگەیەنێ .
زانایان دەڵێن ئەو گەردەلوولە هەتاویە شەپۆلەتیشکێک بەرهەم دێنێ و رەوانەی سەر زەوی دەکات کەبوارێکی لەرینەوەی بەرفراوان دروست دەکات ، ئەمەش کاریگەری راستەوخۆ لەسەر دیاریکردنی شوێنگەو سیستەمی کەشتیوانی و هێڵی ئاسمانی دادەنێ .
زانایان پێیانوایەگەردەلوولی هەتاوی بەتەنیا زیان بەمانگە دەستکردنەکان ناگەیەنێ ، بەڵکو تۆڕی کارەباش تێکدەدات کەئەمە هیچ پێشبینییێکی بۆ نەکراوە، بەو هۆیەوە نیگەرانییێکی گەورەی لەنێو زانایانی بواری دیاریکردنی شوێنگەکان دروست بووەو چاوەروانی رووداوی ناخۆش دەکەن.

## پەنجەی پێ لە شێوەی دارلاستیک




هەواڵەکان : ئەم خێزانەی لەم وێنەیەدا دەبینرێن قاچی هەموویان لە جیاتی پێنج پەنجە ، تەنیا دوو پەنجەیان هەیە . سەیر لەوەدایە پەنجەکان لە شێوەی دارلاستیک دان ، زۆر بەهێزن و دەتوانن زۆر بە باشی بوەستن و بەرێدا برۆن .

## گوێچکەی ئەو کەسە بە مقەس دەبڕێ کە سوکایەتی پێدەکات !

رۆژی١-٤-٢٠٠٧ کاتێ چەند کەسێک لەبەردەم ئارایشگەیێک رادەوەستن و گاڵتە بەسەرتاشەکە دەکەن ، ئەو هەوڵدەدات بەڵاکە لەخۆی دوور بکاتەوە ، بەڵام لاوەکان درێژە بە گاڵتەجاری دەدەن ، سوکایەتی بە خۆی و بە بنەماڵەکەی دەکەن ، ئەویش توورە دەبێ ، پەلاماریان دەدات ، بە مقەس گوێچکەی یەکێک لەبنەوەرا دەبڕێ .
سەرچاوەکانی هەواڵ ئاشکریان کرد کە چەند لاوێک گاڵتە و سوکایەتی بە سەرتاشێکی شاری تاران دەکەن ، ئەویش لەگەڵیان بەشەڕ دێ و گوێچکەی یەکێکیان دەبڕێ و لە ناو دەستیان دەنێ !!
کابرای سەرتاش دوای رووداوەکە پەشیمانی خۆی پێشانداوەو گوتوویەتی : رۆژی رووداوەکە من لەگەڵ چەند کەسێکی دیکە فراوینمان دەخوارد ، لاوێکی گەڕەکەکە بە هاوڕێیەتی چەند کەسی دیکە هاتنە بەردەم دوکانەکەم و گاڵتەیان پێکردم ، سوکایەتیان بە خۆم و بە بنەماڵەکەم کرد ، جنێویان پێدایەن ، منیش توورەبووم بەمەبەستی ترساندن بە مقەس بۆیان چووم تا رابکەن ، کەچی یەکێکیان بە سیکاردیکی درێژ هێرشی کرد و ویستی بمکوژێ ، منیش داکۆکیم لەخۆم کردو گوێچکەم برێ .

## دوای هەشت خولەک زیندوو دەبێتەوە

هەواڵەکان : هەدیە تارانی هونەرمەندی سینەما لە دیدارێکی رۆژنامەوانیدا بەسەرهاتی خۆی و یەکەمین بەشداربوونی لە فیلمدا ئاشکرای کردووە ، ناوبراو گوتوویەتی : لەسەروبەندی یەکەمین بۆندەی بەشداربوونم لە فیلمێکی سینەماییدا من ناڕازی بووم ، دەمویست بەرەو ئەڵمانیا برۆم ، کەچی زۆر بەسەختی تامپۆنی ئۆتۆمۆبێلیم کرد، دووچاری کارەسات بوومەوە ، بۆ ماوی هەشت خولەک گیانم تیا نەما ، مردم ، تەنانەت هەندێک پێیانوابوو پێویست بەوە ناکات بمبەنەسە نەخۆشخانە ، سەرەنجام دوای هەشت خولەک هەناسەم بۆ گەڕایەوە ، منیان گەیاندە نەخۆشخانە ، بەو هۆیەوە ماوەی شەش مناگ لە نەخۆشخانە کەوتم ، دواتر ماوەی چەند مانگ بە گۆچان و دارەڕێ دەرۆیشتم، ئەوسا لە رێگەی هاوپۆلێکی سەردەمی خوێندنمەوە ئاغای میهجۆیی سۆراغی پرسیبووم تا بەشداری لە فیلمی لەیلادا بکەم کە چیرۆکی کابرێکی دەگێڕایەوە کە چونکە ژنەکەی منداڵی نابێ، بەدوای ژنهێنان دەگەڕێ ، بەڵام دیسانەوە رەتم کردەوە .

## لاوێک لەگەڵ ١٠٠ جالجالۆکەی جۆراوجۆردا دەژی

لاوێکی ئەڵمانی ، دانیشتووی شاری کاسل ماوەیەکە لە ماڵێکی کەمتر لە ٦٠ مەتریدا لەگەڵ زیاتر لە ١٠٠ جالجالۆکەی جۆراوجۆردا دەژی کە هەندێکیان ژەهردارن .
ئاژانسی هەواڵی ئاسیۆشیدت پرێس رۆژی ٣-٤-٢٠٠٧ ئاشکرای کردووە کە لاوێکی ئەڵمانی بەمەبەستی فرۆشتنەوەی ئەو جالجالۆکانە لە رێگەی ئینتەرنێتەوە ماوەیە لەگەڵ ژمارەیەک جالجالۆکەدا دەژی کە ٧٠ دانەیان ئاسیایین و ئەوانی دیکەشیان لە ئەوروپا و ئەفریکاوە بەدەستی هێهناون .

## دژی سەماکارانی کۆنسێرتەکەی جەمشید ئیمزا کۆدەکرێتەوە

**هەواڵەکان** :
دژ بەبەشداربوونی ئەو ئافرەتانەی کە لە کاتی گۆرانی وتندا لەبەردەم جەمشیدیدا سەمادەکەن ئیمزا کۆکرایەوە . خەڵکی شاری هەولێر بەشداربوونی ئەو سەماکارانەیان بە کارێکی دوور لەدابونەریتی کوردانە پێوانە دەکردو و خوازیاربوون کە ئافرەتەکان لەسەر شانۆ هەڵنەپەرن ، بەڵام لایەنی پەیوەنددار بە بیانۆی ئەوەی ئافرەتەکان لە هەندەرانەوە لەگەڵ خودی گۆرانیبێژەکە هاتوون ، ناکرێ رێیان لێبگیرێ !! خۆی لە داواکە بوارد و رێزی ئیمزاکۆکردنەوەکەی نەگرت .
ئەوەی شیاوی باسە هونەرمەند جەمشید بە مەبەستی پێشکەشکردنی بەرهەمەکانی خۆی ، ئاهەنگگێران سەردانی شارەکانی کوردستانی کرد . لە هەولێر و سلێمانی ئاهەنگی سازکرد .

## کەلار : رفێنەرانی منداڵێک دەستگیر دەکرێن

رۆژی٤-٤-٢٠٠٧ لەنزیک گەڕەکی سەرکەوتنی شاری کەلار، ئۆتۆمۆبیلێک کەشۆفێرەکەو کەسێکی دیکەی تێدابوو منداڵێکیان رفاند، بەوهۆیەوەترس و نیگەرانی لەنێو خەڵکی کەلار چەکەرەی کرد، دەستبەجێ پۆلیس و هێزەکانی ئاسایش ئاگادار کرانەوەو شوێنی ئۆتۆمۆبێلەکەیان هەڵگرت و بەدوای کەوتن .
هێزەکانی ئاسایشی شاری کەلار لەپێوەندی ئەم رووداوەدا ئاشکرایان کرد کەئەوان رفێنەرەکانیان دەستگیر کردووە، بەڵام مەبەستی ئەوان پارەو کوشتنی منداڵەکەنەبووە، بەڵکو باوک و مامی منداڵەکەبوونەو هەوڵیانداوەئەو منداڵەبۆ لای خۆیان بگێڕنەوەچونکەبەهۆی جیابوونەوەی دایک و باوکی دادوەر بڕیاری داوەمنداڵەکەلەلای دایکی بژی ، بەڵام باوکی ویستویەتی بیرفێنێ و بۆ لای خۆی بیگێڕێتەوە.
بەگوێرەی زانیاریەکان ئێستا منداڵەکەبەدایکی دراوەتەوەو بەفەرمانی دادوەریش باوک و مامی منداڵەکەبەتۆمەتی رفاندن راگیراون و پەروەندەیان بۆ کراوەتەوە.

# هەواڵی سەیر

مانگی ئازار لەبەرێوبەرایەتی چاودێری کۆمەڵایەتی چەمچەماڵ زیاتر لە(٢٠٠) ناوی بێوەژن و گەورەکچان ئەوانەی بەسێ مانگ مووچەیێکی کەمیان پێدەدرا ، کوژاندۆتەوە، بەبیانووی ئەوەی کەفۆرمیان بۆ کەرکوک گواستۆتەوە. ئەو نەگبەتانە نازانن شایەتمان بەچی و بەکێ بێنن ، ئەگەر ناگەڕێنەوە دەترسن لەدوا رۆژ هەموو مافێکیان بفەوتێ، ئەگەر دەرۆنەوەش نانبڕاو دەبن !!

لەگەرەکی شۆریجەی شاری کەرکوک ژنێک بەناوی (ح) خۆی سووتاند و گیانی لە دەست دا. ئێستا بەگوێرەی بەدوا داچوون روون بووەتەوەکە براکانی زێرەکانیان لێ سەندووە، ئەمیش بەهۆی ئەو تاوانەی بەرانبەری کراوە خەفەت دەخواو پاشان تووشی نەخۆشی دەرونی دەبێ و دواتریش خۆی دەسووتێنێ .

ئێواری ٣١-٣-٢٠٠٧ کاتێ زانرا کەمالیکی ئیمزای لەسەر راسپاردەکانی لیژنەی جێبەجێ کردنی ماددەی ١٤٠ کردووە لەگەرەکەکوردییەکانی شاری کەرکوک تەقەی خۆشی کرا ، بەڵام بەداخەوە ئەنجامی ئەو تەقەکردنە کۆمەڵێک زیانی گیانی و ماڵی لێ کەوتۆتەوە، بەوهۆیەوە چەند کەسێک برینداربوون و چەند ئۆتۆمبیلێکیش سووتان . یەکێک لەبیندارەکان ژن بوو بەناوی (سۆزان) و ئۆتۆمبیلێکیش (بی ئیم) هی (حەسەن) ناوێک بوو .

لەدوای پشووی نیوەی ساڵی خوێندن مامۆستایەکی زمانی ئینگلیزی لەقوتابخانەی (شەهید حەسیب)ی چەمچەماڵ لەلایەن بەرێوبەریتی پەروەردەی ئەو شارەوە بۆ گوندێکی سەر بەقەزاکە گوێزراوەتەوە، لەم ماوەیەشدا دەست بەکاربوو! ئەمەبۆتە جێگەی پرسیار چونکە ماڵی مامۆستاکە لەشارە، هەندێک پێیانوایە بۆ ئیسراحەت کردن و دەوام نەکردن خۆی گوازتۆتەوە، هەندێکی دیکەش بۆ هۆی دیکەی دەگێڕنەوە!!

مامۆستایەک بەناوی (ب-ح-خ) لەقوتابخانەی رۆژی سەرەتایی چەمچەماڵ لەبەرواری ٢٠٠٦/٩/٣ هەتا ٢٠٠٧/٩/٣ ماوەی ساڵێک مۆڵەتی دایکایەتی پێدراوە، کەچی لەو ماوەیەدا سوپاسنامەیەکی لەلایەن بەرێوبەری پەروەردەی چەمچەماڵەوە بۆ هاتۆتەوە کەگوایە مامۆستایەکی لێهاتووەو ئەمساڵیش رۆڵی لەوانە گوتنەوەدا هەبووە!! رەنگە سوپاسەکە بۆ لێهاتوویەکەی بێت لەچۆنیەتی پەروەردەکردنی منالەکەی، ئەگینا چۆن لەکاتی مۆڵەتی دایکایەتی سوپاسنامە بۆ کەسێک دێتەوە بەپاساوی ئەوەی رۆڵی کاریگەری لەوانەوتنەوەدا هەیە!!

کاتژمێر ٣ی رۆژی ٣-٤-٢٠٠٧ تیرۆرستەکان لەگەرەکی قادسیەی دووەم لەکەرکوک بەچەند ئۆتۆمبیلێکەوە دەچنەسەر ماڵی ئەندازیار (م.ت) ، ژنەکەی دەیکا بەهاتوهاورا و خەڵکی گەرەک ئاگادار دەکاتەوە، ئەوانیش تەلەفۆن بۆ پۆلیس دەکەن، بەڵام پۆلیس پێیان دەڵێت ئێمە لەترسی کەمین بە شەوان بەدەنگی هەموو کەسێکەوە ناچین ، لەم کەین و بەینەدا چەند گەنجێکی گەرەکەکە لەماڵەکانەوە لێیان دەکەن بەتەقەو شەڕێ دروست دەبێ . سەرەنجام کوڕی گەرەک لەجیاتی پۆلیس کەبەوە ناسراوسەرو ماڵی هاوڵاتیان دەپارێزێ!! ماڵی ئەندازیارەکەدەپارێزن .

کوردستانیان لەخەمی ئاساییکردنەوەی رەوشی پارێزگاری کەرکوک دان، دەیانەوێ عەرەبە هاوردەکان بۆ شوێنی خۆیان بگێڕدرێنەوە کەچی ئێستا بەدزییەوە ماڵە عەرەب دەهێنرێنەوە کەرکوک . بەگوێرەی بەدوا داچوون هەندێ کوردی خۆفرۆش و کۆنە بەعسی بەهاوکاری (بەرەی تورکمانی) و (عەربەتووندرۆکان) بەنهێنی جێگەو رێگەیان بۆ دابین دەکەن ، دواتر لەرێگەی (داقوق- قادر کەرەم- لەیلان- کەرکوک) هەرجارەی ماڵێک یان دووان دەگەیەننە کەرکوک . ئەمە خەمخۆری و هێزە کوردستانیەکانیش چاوکراوەو پاسەوانن !!